**نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێزان**

**مام جەلال تاڵەبانی و کاك مەسعود بارزانی**

**سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی عێراق و ئایندەی کوردستانی عێراق**

**دوای سلاو ،،**

**بەڕێزان...**

لەمێژووی دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئەمڕۆ، زۆر کەمبوون ئەو فرسەتانەی کە بۆ یەکجارەیەکی خەڵکی بەزۆر لکێنراوی کوردستانی عێراق لەعێراق جیابکرێتەوە هاتونەتەپێش، بەلام لەدوای شکستی بلۆکی شەرق و ڕاپەڕینی بەهاری 1991و لە کۆڕەوی ملیۆنی خەڵك بەدواوە، ئەم خواستەمێژینەیەی خەڵکی کوردستان هەرچی زیاتر زەمینەی بەهێزی پەیدا کردوەو پشتیوانی جەماوەری نێودەوڵەتیشی لەپشتەوە بووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەکوردستان، بەلام بەداخەوە هەموو جارێك لەلایەن ئێوەو لەبەر بەرژەوەندی حزبی خۆتان ئەم خواستەی خەڵکی کوردستانتان کردۆتە قوربانی و بازتان بەسەریدا داوە، سەدجار پاساو ئەهێننەوەوە بۆ ئەوەی ئەوە بڵێن بەخەڵك کە وەزعەکە نالەبارەو مەسەلەی جیابوونەوەی کوردستان وەختی نیەو مومکن نیەو ئەمریکاو وڵاتانی دراوسێ ڕێگە بە پرۆژەیەکی لەو چەشنە نادەن....هتد، بەلام بۆ یەکجاریش خواستی ملیۆنی خەڵکی کوردستان بۆ جیابوونەوە لە عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ جێگایەکی نەبووە لەبەرنامەو سیاسەت و نەخشەکانتاندا، ئێوە بەم کارەتان خەتایەکی گەورەتر دەرهەق بەخەڵکی کوردستان لەدژی خۆتان تۆمار ئەکەن و بۆ هەتا هەتایە خەڵکی لەبیری ناکەن.

مێژووی کوردستان پڕیەتی لە کەسایەتی جۆراوجۆری وەك ئێوە، بەلام لەبەر ئەوەی کە وەکو ئێستای ئێوەیان کردەو خەریکی دڵڕازی کردنی زلهێزەکان و هێزەمەحەللییەکانی مەرکەزو ململانێی نێوان خۆیان بوون، سەرەنجام هەزاران هەزار ئینسانی بێتاوانیان کردۆتە سوتەمەنی شەڕەکانیان و خۆشیان ئاکامێکی لەوە باشتر بە بالایان نە بڕاوە کە بەسەر قوربانیاندا هاتوە، مێژوو نوسەکان هەموو ڕووداوەکانیان تۆمار کردوە، ئێوەش چ بەباش وچ بەخراپ داخلی ئەمێژووە ئەبن، بەلام ئێوە ئەتوانن مێژوویەکی جیاواز لەوە بۆ خۆتان تۆمار بکەن.

**بەڕێزان...**

ئێوە بڕیارتان داوە کە لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بە لیستی هاوبەشی خۆتانەوە بەشداری بکەن، وە هانی خەڵك ئەدەن کە مل بەم ئیلحاقی ئیجبارییە بدەن کە خەڵك لەسەر ئەمە کوشتارو ئەنفال و کیمیا بارانیان بەسەردا کراوە، کە سەرەنجام ئەم ئیقدامەتان دەکاتەوە ئەوەی کە خەڵکی کوردستان ببنەوە ژێر دەستی دەوڵەتی شۆڤێنی لەمەرکەزو لەبەرامبەردا خۆشتان ئیمتیازێك وەربگرن، بەلام ئەم ڕێگایەش وەك ئەوەی کە خۆتان دیاریتان کردوە ئەگەر بڕواتە پێشەوە نەئایندەی ئێستای خەڵکی کوردستان لە هی نەوەکانی دە دەیەی پێشووتر باشتر ئەبێت وە نە ئاکامی ئێوەش لە شێخ محمودی حفیدو شکاك و مستەفا بارزانی، وە جارێکی تر هەمان ئەو مێژووە تاڵە دووبارە ئەکەنەوەو فرسەتێکی تر لەدەست ئەدەن کە ڕەنگە تا چەند ساڵی تری هاتنەوەی ئەم فرسەتە چەند جاریتر خەڵکی کوردستان ئەنفال و کۆمەڵکوژ بکرێنەوە.

**بەڕێزان...**

ئێوە ئێستا ئەتوانن خەڵکی کوردستان دوور بخەنەو لە خەتەرێکی گەورە، ئەتوانن هێزێکی جەماوەری کە ئەمڕۆ پشتیوانتانە تاسەر لەپشت خۆتان بیهێڵنەوە، بۆ یەکجاریش بێت مل بە خواستی خەڵك بدەن و بزانن خەڵك ڕایان چییە؟ چیان دەوێ؟ لە جیاتی ئەو بەزۆر لکاندنە بە دەوڵەتی عێراقەوە، ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵك بگرنە بەرو بزانن کە خەڵکی چیان دەوێ؟ بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی گشتی و ئازاد بەرلە هەڵبژاردنەکانی عێراق وە لەژێر چاودێری ناوەندێکی نێودەوڵەتیدا، لەلایەك وەلامی خواستی خەڵك ئەدەنەوەو لکاندنی ئیجباری بەسەردا فەرز ناکرێت، وە لەلایەکی تریش ئەتوانن ئەمە بکەنە دژە فشار بۆ سەر هەموو ئەوانەی کە فشاریان بەسەرتانەوە هەیە. مصداقیەتی ئێوەو مانەوەتان وەك ڕابەرانی خەڵکی کوردستان بەندە بەئەنجامدانی ئەم کارەوە، پێچەوانەکەی جگە لە ئایندەیەکی تاڵ وەك ڕابەرانی پێشووی خۆتان، هاوکات مێژوویەکی ڕەشیش بۆ خۆتان تۆمار ئەکەن کە لە زەنی خەڵکدا وون نابێت. ئەمە خواستی خەڵکی کوردستانەو ئایندەی درەخشان و ڕوناك ڕێگەکەی هەر ئەمەیە لە ئێستادا. لەگەڵ ڕێزو سلاوی دووبارە.......

**زمناکۆ عزیز**

**لەلایەن بزوتنەوەی(نا بۆ هەڵبژاردەنەکانی عێراق)ەوە**

**کۆتایی دیسمبری2004**